# بۆرژواكانی ئەمیریكا و بۆرژوادزەكانی كورد

عەلی مەحمود محەمەد

بەلاتانەوە سەیر نییە كەسێكی وەك من , بە خوێندنەوەی پەرتوكی دایك هاتبێتمە ناو سیاسەتەوە و بە پێڵاو بۆیەكردن و پاكەت فرۆشی زانكۆم تەواو كردبێت ؟!. بە ئاواتی ڕوخانی سەرمایەداری و شۆڕشی سۆسیالستی جیهانی لە شەوو ڕۆژێكدا چەكم لە شان كردبێت ؟!. گەورەترین ئاواتم ئاوازی شمشاڵی گیانبەختكردوان بووبێت لە پێناوی ئازادی و سۆسیالیزم دا . ڕۆژێك لە ڕۆژان خۆزگە بە بۆرژوازییەكانی گەورەترین وڵاتی ئەمپریالستی لە مێژووی مرۆڤایەتی بخوازم !.

بۆ نا جیهان سەیرە , ناهەقم مەگرن , كێ بیری لەوە دەكردەوە ئەم بۆرژوادزانەی ئێستای كوردستان , كە ڕۆژێك لە ڕۆژان گەورەترین سوێندیان گۆڕەكەی ئارام و شێخ سەلامی بارزانی بووبێت , ئێستا گەل بەم شێوەیە وەحشیانەیە تاڵان بكەن .

كە سەرنجی ناوی گەورە ملیاردێرانی وڵاتە یەكگرتووەكان دەدەم وەك لەم لیستەی خوارەوەدا هاتووە , كەسێكم تێیدا دەست ناكەوێت سەرچاوەی داهاتەكانی كورسی دەسەڵات بووبێت . چەندە خۆش بوو ئەو لیستە بۆشی كوڕ و باوك و كلنتۆن و كارتەر و رایس و پاوەڵ و.... تێدا بوایە , تا ئێستا بموتایە ئەمانەن نموونەی باڵای دەسەڵاتداری سەرمایەداری جیهانین .

لە كوردستان و ڕۆژهەڵات , سەرمایەو دەسەڵات یەكتر درووست دەكەن , بەڵام لە ڕۆژئاوا هەژاری ماسیمۆ دالیماو شرۆدەر و بلێر دروست دەكات .

كەم لە دەوڵەمەندەكان ڕاستەوخۆ وەك بیرلۆنسكی بیر لە دەسەڵات دەكەنەوە , كەسێكی وەك جۆرج سیرۆسی لێ دەرچێت لە سیاسەتدا بزۆك بێت . ئەوانی دیكە چارەنووسی سەرمایەو دەسەڵاتەكەیان بەو سیاسییانە دەسپێرن كە بەرژەوەندییان دەپارێزن , بەڵام لە كوردستان هەردووكی بە دەستەوە دەگرن , ئیتر ئەو ئەژدیهایەی لێ دەرەچێت كە دەیبینین لە كوردستانا .

بە بڕوای ئێوە ئەگەر سبەی لیستی گەورە دەوڵەمەندانی كوردستان بڵاوكرێتەوە , جگە لە ڕابەرانی هەردوو لایەنی دەسەڵات كێی دیكە لە ڕیزی پێشەوەی لیستدایە؟ . سەرچاوەی داهاتیان جگە لە تاڵانی كوردستان , دەبێت چی دیكە بێت ؟.

**-2004 - 2005/**

**1- بیل غایتس (مایكروسوفت) 51 - 48**

**2- وورن بافیت (بركشر هاثاواي) 40 - 41**

**3- بول آلن (مایكروسوفت واستثمارات) 5،22 - 20**

**4- مایكل دیل 18 - 2،14**

5- لاري اليسن (اوراكل) 17 -7،13
6- كريستي وولتن (وول مرت) 15،7 -
7- جيم وولتن (وول مرت) 15،7 - 18
8- روبسن وولتن (وول مرت) 15،6- 18
9- اليس وولتن (وول مرت) 15،5 - 18
10- هيلين وولتن (وول مرت) 15،4 - 18